# ئەرکەکانی ئەمڕۆ

جەمال مەحموود
تۆرنتۆ

هەروەک ئاشکرایە عێراقو کوردستان ئەمڕۆ بەدەورانێکی ناسکدا تێدەپەڕن، دەورانێک کە هەردوو ناسیونالیستی کوردو عەرەب هەروەها ئەمریکاش بە ڕووکەش دەستەوەستانن لە ئاست ئەو تەنگو مژەیەی کە هەیە لە ئەمڕۆی عیراقدا. بە ڕاستی ئاسان نىیە کە زیاتر لە 30 ساڵە ئەگەر هەر لەتەمەنی بەعسیشەوە حسابی بکەین عیراق بەرەو شێواندن براوە یان بە مانایەکی تر لەسەر سکە نۆرماڵەکەی خۆی لادراوە، هەر بۆیە ناکرێت بە چەند ساڵێکی کەم ئەو عیراقە شێوێنراوە بهێنرێتەوە سەر بارە نۆرماڵەکەیی‌و بێ هیچ زەمینە سازکردنێک بۆی. من پێم وایە کە ئێستا هەرچەندە صەددام وەک لاشە لەسەر کورسی حوکم نەماوە، بەڵام تا ئیستاش نیوەی حوکمی عیراق هەر بەو عەقڵیەتە دەچێتە پێشەوە چ بەوەی کە لەبەرەنگاربوونەوەدا ئەیکەن، چ بەوەی کە هەمان عەقڵیەتەکان لەسەر حوکمن ئێستا.
بە هەر حاڵ ئەوەی من دەمەوێ لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کە خەڵکی عێراق بە کوردستانیشەوە ئیرادەیان لێ وەرگیراوەتەوە واتە ئێستا مامەڵە لەگەڵ خەڵکیشدا دەکرێ کە خاوەنی ئیرادەی خۆی نىیە، خاوەنەکانی، خەڵک حیزبو میلیشیاو دینەکانن. واتە کاتێک شتێک دێتە پێشەوە بۆ بڕیاردان ئەوە حیزبەکانن کە بڕیار دەدەن نەک خەڵک. پێم وایە ئەگەر نموونە لەم بارەیەوە ڕیز بکەین زۆرن بەڵام نزیکترین ڕووداو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو دەستە وەستانی ئەندامانی پەرلەمان لە ئاست ئەو دوو حیزبە زلهێزەدا کە تا ئێستا نەیان توانیوە یەکەم دانیشتنی خۆیان بەبێ ڕازی بوونی حیزبەکانیان ئەنجام بدەن.
ئەم ئیرادەیە چۆن دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک؟ ئایا ئەحزانی ناسیونالیست ئەتوانن ئیرادە بۆ خەڵک بگێڕنەوە؟ یان ئایا چەپەکانی ئەمڕۆ بەهەموو حیزبو ڕێکخراوەکانیەوە دەتوانن ئەو کارە بکەن؟ بێگومان وەڵامەکەی نەخێرەو تا ئێستا نەیان توانیوە ئەو کەلێنە بدۆزنەوە بۆ چوونە ناو خەڵکو گەیاندنەوەی ئیرادە بۆیان.
بەهەر حاڵ ئەحزابی ناسیۆنالیست ئەو گلەییەی لێ ناکرێو چوونکە بێ ئیرادە بوونی خەڵک بازاڕی ئەوان زیاتر گەرمو گوڕ دەکاو ئەوان نانی ئەو بێ

ئیرادەییە دەخۆن. بەڵام ئەوەی جێی گلەیی‌یە چەپو کۆمۆنیستەکانن کە تا ئێستا نەیان توانیوە کار بۆ ئەوە بکەن. چەپەکان شێوەی کارکردنیان تا ئێستا لە ساڵەکانی هەشتاکان دەچێو خەریکی فڕێدانی شیعارو لە چەشنی بڕووخێو دروست بێو خوازیارین، دەمانەوێو نامانەوێ، مەحکوومی دەکەین‌و گەلێ شیعاری قەبەی تر، کە ئەمانە تا ئێستا نەی گەیاندوونەتە هیچ شوێنێک.

ئەگەر هەر لە دوای ڕاپەڕینیشەوە ئەژماری کەین واتە پاش 14 ساڵ تا ئێستا چەپەکان لە حاشیەدا کار دەکەن، ئەوەتا دەوڵەت دروست دەکرێو دەستوور دەنووسرێتەوەو دەسەڵات دابەش دەکرێو بەڵام چەپی تیا غائیبە. من پێم وایە چەپ لە عیراقدا تەڵاقی خواردووە لە شۆڕشی سۆسیالیستی‌و ڕووخاندنی نیزامی سەرمایەداری‌و بەدیهێنانی دنیایەکی باشتر بڕبەندی لێدەی کەمتری ناوێ. کە ئەوێش لە ئێستادا لەم جەنگڵستانەی عیراقدا ئیمکانی بەدیهێنانی نی‌یە. خۆ ئەگەر کار بۆ ئەوەش دەکرێ، دەبێ سەرەتا زەمینەی بۆ خۆش بکرێت چوونکە لە ئێستادا ئەو زەمینەیە لەبار نی‌یە واتە دەکرێت ئەو کاتو ئەنەرجی‌یە بە شتی ترەوە سەرف بکرێت بۆ ئەو شۆڕشە.

ماویەتی

June 1, 2005